کاتێک خوای گەورە ئادەمی دروستکرد مەسحی کرد بەسەر پشتیدا هەموو ڕۆحێک کەوتە خوارەوە کە دروستی کردووە هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کاتێک خوای گەورە ئادەمی دروستکرد مەسحی کرد بەسەر پشتیدا هەموو ڕۆحێک کەوتە خوارەوە (هاتە دەرەوە لە پشتیەوە) کە دروستی کردووە هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت، لە نێوچەوانی هەموو مرۆڤێکدا تیشکێک نوری (ڕۆشنایی) دروستکرد، پاشان پیشانی ئادەمی دان، (ئادەم) فەرمووی: «ئەی پەروەردگار، ئەوانە کێن؟» (پەروەردگار) فەرمووی: «ئەوانە نەوەی تۆن»، (ئادەم) پیاوێکی بینی نوری نێوچەوانی بە لایەوە جوان بوو، فەرمووی: «ئەی پەروەردگار، ئەمە کێیە؟» (پەروەردگار) فەرمووی: «ئەمە پیاوێکە لە کۆتا ئومەتەکان لە نەوەکانی تۆ پێی دەووترێت: داود»، (ئادەم) فەرمووی: «ئەی پەروەردگار، تەمەنیت چەندێک داناوە (چەندێک دەژی)؟»، (پەروەردگار) فەرمووی: «شەست ساڵ»، (ئادەم) فەرمووی: «ئەی پەروەردگار، چل ساڵ لە تەمەنی منی بۆ زیاد بکە»، کاتێک تەمەنی ئادەم تەواو بوو؛ فریشتەی ڕۆحکێشان -ملك الموت- هات بۆ لای، (ئادەم) فەرمووی: «ئایا چل ساڵ لە تەمەنم نەماوە؟»، (ملك الموت) فەرمووی: «ئایا نەتبەخشی بە کوڕەکەت: داود»، (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) فەرمووی: «ئادەم نکۆڵی کرد بۆیە نەوەکانیشی نکۆڵیان کرد، وئادەم لەبیری چوو بۆیە نەوەکانیشی لەبیریان چوو، ئادەم گوناهی کرد بۆیە نەوەکانیشی گوناهیان کرد».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە]

کاتێک خوای گەورە ئادەمی دروستکرد مەسحی کرد بەسەر پشتیدا، هەموو مرۆڤێک لە نەوەکانی لە پشتیەوە دەرچوو کە خوای گەورە دروستی دەکات هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت، وئەم مەسحکردن ودەرچوونە لەسەر هەقیقەتە، ونابێت بە واتایەکی تر لێکبدرێتەوە؛ وئەمیش مەزهەب وعەقیدەی ئەهلی سونە وجەماعەتە، وکاتێک دەرچوون لە نێوچەوانی هەموو مرۆڤێکدا تیشکێک نوری (ڕۆشنایی دەروشاوەی) دروستکرد، پاشان پیشانی ئادەمی دان، (ئادەم) فەرمووی: ئەی پەروەردگار، ئەوانە کێن؟، پەروەردگار فەرمووی: ئەوانە نەوەی تۆن، ئادەم پیاوێکی بینی نوری نێوچەوانی بە لایەوە جوان بوو، فەرمووی: ئەی پەروەردگار، ئەمە کێیە؟، پەروەردگار فەرمووی: ئەوە داودە، ئادەم فەرمووی: ئەی پەروەردگار، تەمەنیت چەندێک داناوە (چەندێک دەژی)؟، پەروەردگار فەرمووی: شەست ساڵ، ئادەم فەرمووی: ئەی پەروەردگار، چل ساڵ لە تەمەنی منی بۆ زیاد بکە. پەروەردگار پێی فەرموو: بەخشیم بە کوڕەکەت؛ داود. کاتێک فریشتەی ڕۆحکێشان -ملك الموت- هات؛ ئادەم نکۆڵی کرد چونکە کاتێک تەمەنی بەخشی بە داود لە جیهانێکی تردا بوو، بۆیە نەوەکانیشی نکۆڵییان کرد، وئادەم لەبیری چوو بۆیە نەوەکانیشی لەبیریان چوو، وئادەم گوناهی کرد چونکە لە دارەکەی خوارد بۆیە نەوەکانیشی سەرپێچی وگوناهیان کرد؛ چونکە منداڵ زۆر جار لە باوکی دەچێت. داود شەست ساڵ تەمەنی نووسرا بوو پاشان خوای گەورە چل ساڵی بۆ سەر تەمەنی زیاد کرد، وخوای گەورە زانایە بەوەی ڕوویداوە وبەوەی ڕووەدات وئەگەر ڕووداوێک ڕووی بدایە چۆن ڕووی دەدا، دەزانێت چی بۆی نوسیووە لە پاش ئەوە زیادی دەکات، وفریشتەکان تەنها ئەو زانستەیان هەیە کە خودا پێیانی بەخشیووە وفێریانی کردووە، وخوای گەورە دەربارەی شتەکان دەزانێت پێش ئەوەی ڕووبدات وپاش ئەوەی کە ڕووەدات، بۆیە زانایان دەڵێن: سڕینەوە وجێگیرکردن لە پەڕەی فریشتەکانە، بەڵام زانستی خوای گەورە -سبحانه وتعالى- ناگۆڕێت وشتێکی بۆ دەرناکەوێت کە پێشتر زانستی سەبارەت نەبووبێت؛ چونکە زانستی بە هەموو شتێک هەیە، بۆیە سڕینەوە وجێگیرکردن لای خوای گەورە نییە لەم بابەتەدا -لە بابەتی زانستی (علمی) خوای گەورە بە شتەکان وڕووداوەکان-، بەڵام لە بابەتی تردا وەکو ئەحکامەکان وشتی تر، خوای گەورە دەفەرموێت: {يَمۡحُواْ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ وَيُثۡبِتُۖ وَعِندَهُۥٓ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ} [الرعد:39] واتە: {خوا ویستی نەمانی لەسەر هەرچییەك بێت، لەناوی دەبات و دەیکوژێنێتەوە، یان دەیهێڵێتەوە و پایەداری دەکات، سەرچاوەی تۆمارکراوی هەموو ڕووداوەکان لای ئەو زاتەیە}.